www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-6-2006 10:28

## تەنز ... پانۆراما4 ... ستیڤان شەمزینانی

### شەیتان گلەیی هەیە

خەڵکی ئەم وڵاتە چی بۆ نەماوەتەوە جگەلە توانجدان و نوکتە داتاشین لەسەر بەرپرسە مشەخۆرەکان، لە سلێمانی گەرەکێکیان ناو ناوە گەرەکی فیرعەون و لە دهۆکیش (حی شیاتین- حیی المخدرات) بەو دوو گەرەکە دەڵێن کە لە بەرپرس و دەوڵەمەندی دوای راپەرین، لەنوێترین ئەو نوکتانەی لەسەر باڵەخانەی بەپرسەکان دوستکراوە، نوکتەیەکە لەسەر شەیتان:
شەیتان ڕۆژێك بەتایبەتی دەچێتە بەردەم یەك بەیەکی ئەو تەلارانەی دروستکراون و خەریکە دروست دەکرێن! بەڵام بەدۆش داماوایی و چاوی پڕ لە گریانەوە دەستی دەخاتە ژێر جەنەگەیەوەو سەیریان دەکات، تەواو قەڵس و بێزار دەبێ، لە ناکاو ئەو خەتورەیە بە مێشکیدا دێت: کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەونوسی ساز بدات تا هۆی نارەحەتی خۆی باس بکات.
سەرەتای کۆنگرەکە شەیتان ژبەر گریان هیچی بۆ نەوترا تەنیا ئەوە نەبێ وتی: ئەم بەپرسە ناکەس بەچانە من ڕێگای دزیو فەرهودو تالانیم نیشاندان، لە سایەی روحمی منەوە بوونە خاوەنی ئەم کۆشك و تەلارانە، بە فێڵ و داناییمن سەروەتی ئەم ولاتەیان لوش دا، ئەوان چییان نەدەزانی ئەگەر من نەبووبام، من ئەوەم خستە بیریانەوە ئەم تاوەرە بەژن بەرزانە ئاوا بکەنەوە.. ڕۆژنامەنووسێك قسەی پێ دەبڕێو دەڵێ: خۆ کەس لەمە لاریی نییە ئیتر نازانین ئەم گریانەی تۆ بۆچی؟ لە وەڵامدا وتی: بە قوربان منیش ئەوە دەزانم بەڵام ئەوەندە بێ وەفاو نمەك حەرامن لەجیاتی چاکەی من بدەنەوەو ڕێزم لێبگرن پێچەوانەکەی دەکەن! لە دنیادا کەس نەیتوانیوە فێڵم لێبکات ئەوانە نەبن، لەبری ئەوەی سوپاسی من بکەن بەتابلۆیەکی گەورەلەسەر باڵەخانەکانیان نوسیوە (**هذا من فضل ربی** ) .
بۆیە داوای کرد لەمەودوا بنووسن (**هذا من فظل ربی**) بەمجۆرەش کۆنگرەکە کۆتایی هات.

### دەردە کورد

لەم دونیایەدا کەس نییە هێندەی کورد لە خۆڕا خەڵك بکاتە نەتەوەکەی خۆی.. ئەوەتا دوای ئەوەی کوڕی گورگە بۆرەکان (تاتلێساز) وتی تورکی کوڕی تورکم، ئێمەش نەك هەر دەمانگوت کوردە بەڵکو هەبوو دەیووت ساڵانە یەك ملیۆن دۆلار بە پەکەکە دەدات!!
ئێستا خەریکین (هولیا ئەفشەر) دەکەینە کوردو هەندێ ڕۆژنامە دەڵێن زۆرلە تاتلێساز بە هەڵوێستترە.
ئەمە نەخۆشییەکی کوشندەیە تووشمان بووە: مەلایەك دێو دەڵێ: ئادەم و حەوا کوردن و لە نزیکی شارباژێر ژیاون، یەکێکی تر نوح و برادەرانی کەشتییەکەی دەکات بە کوردو پێش لەسەر ئەوەدا دەگرێ هەموویان شوکاکی بوون! مەلایەکی دی لە ڕۆژنامەیەکدا وتبووی دەیسەلمێنم پێغەمبەر (محەمەد) کوردە، ڕۆشنبیرێکی نوێژکەر لە گۆڤارێکدا نووسیبووی (ئیبراهیم، کوردێکی هەورامی تەوێڵەیی بووەو هاوسەرەکەشی هەڵکی هەجیج) .. گۆڤارێکی هەمەرەنگ بە بۆڵد نووسیبووی (بێنەزیر بۆتۆ) کوردە!!
برادەرێکی گەرمیانی کە دووژنی هەیە شەش بە شەش تەڵاقی خوارد سەرهەنگ قەزافی کوردەو لە تیرەی هەمەوەندییەکانی چەمچەماڵە! شاعیرێکی تازە بابەت چامەیەکی بۆ (مەحسون قرمزگویل) وە نووسیوو گوایە برایەکی گەریلا بووەو لە قەندیل شەهید بووە.. !
خواش بەوە رەحمی کردووە چەپەکان ئومەمین ئەگەرنا (مارکس) یان دەکرد بە خەڵکی مەرگەو (لینین) بە خەڵکی کۆیەو تەق تەق.

ئەم دەردە کوردە ئەو نوکتەیەی قەزافیم بیر دەخاتەوە، جارێك لە کۆنگرەیەکی ئەفریکی باسی فەزڵ و گەورەیی نەتەوەی عەرەبی کردبوو، ئاماژەی بەوەدابوو شانۆنووسی جیهانی (شکسپیر) عەرەبەو ناوە بنەرەتییەکەشی (شێخ زوبیر) ە.
لای ئێمەش هەمان درم بەزیادەوە هەیە: برۆ بۆناو بازار سیدییەکەی مستەربین- بە کوردی بسێنە بەو مەرجەی شاڵی لەبەر بێو کلاشی هەورامی لەپای! بروسلی دەستدەکەوێت بەقاتی ستارخانی و جەمەدانەوە، جاکیشان مشکی و جەمەدانەی تێکەڵ کردووەو خانوویەکی لەکانی کوردە بەکرێ گرتووە، مادۆنا بە جلی کوردیو کەوای پولەکەوە هەیە!!
لەخودا دەپارێمەوە تا سنووری بۆ ئەم دەردە کوردە دابنێ ئەگەرنا بە کوفر نەبێ خواش دەکەن بە کورد.

### ئەنفلۆنزای باڵندە

لەوەتەی ئەم درمە کوشندەیە لە تورکیا بلاوبۆتەوە ئێمە لە تەنیشتییەوە زراومان چووە، بەڵام بەینی خۆمان بێت هەندێ کەس بە گومانن و فشەیان پێی دێت و بە تەڵەیەکی تری بەپرسەکانی دەزانن.
مریشك فرۆشێك: بابە ئەنفلۆنزای چی بزانە چ بەرپرسێك سێ چوار هەزار سەر ئاژەلی بە قەسابخانەکە فرۆشتووە دەیانەوێ ئەوە سەرف بێت!
خاوەن دەواجنێك وتی: دەواجنی بەپرسەکان بەتاڵ بووەو خوویان داوەتە کاسبی تر، نایەڵن ئێمەش کاربکەین ئەگەرنا شتێك نییە بەناوی پەسیوی مامری.
وەستای چێشتخانەیەکی ئاسایی ناو بازار وتی: بەپرسەکان دەیانەوێ بازاڕی ئێمە کەم بکەنەوە تا خەڵك بچن لە چێشتخانەکانی ئەوان نان بخۆن کە تا ئێستا خەڵك لەوێ نان ناخۆن چونکە حەزیان لە پیتزاو ماکدۆناڵ نییە دەیانەوێ بەم هۆیەوە فێریان بکەن.
ئابوریزانێکی ئۆ پۆزسیۆن وتی: کورە ئەوەتۆ دەڵێی چی دەیانەوێ بەو بیانووەوە 100-150 ملیۆن دۆلار لە حکومەتی عێراق
رابکێشن، ئەنفلۆنزای باڵندە هەر ئەسڵ و ئەساسی نییە.
پسپۆڕێکی بواری تەکەتولات دەڵێ: ئەمە پەیوەندیی بە تەکەتولاتەوە هەیە، چونکە تەکەتولی (س) دەواجنی هەیە دژی (ێ) کە دەیان دەواجنی نییە ئەم پڕوپاگەندەیەی بلاو کردوەتەوەو دوایش هەموو ولاتی گرتەوە.
چاودێرێکی سیاسی وتی: مێشك مەشغوڵ کردنی خەڵکە تابێ کارەبایی و بێ ئاوییان بیر نەکەوێتەوە هەروەها نەوەك خوا نەخواستە خەڵك بڵێن بۆ چوار وەزارەت یەکینەگرتۆتەوە.
پزیشکێکی کەنارگیر وتی: کەشوفشی هەندێ لە وەزارەتەکانە بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ کە دوای بە پۆلیسکردنی جووتیاران کارێکی نەمابوو، شەڕ لە بەتاڵی باشترە.
جووتیارێکی گوندنشین: پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئەو دوو سێ ماڵەی لە گوندەکاندا ماون چۆڵی بکەن و کورەکانمان بکەینە پۆلیس و پێشمەرگە.
نازانم ئەم قسانە راستن یان نا؟ بەڵام رۆژەکەی وا خراپ بووە هەر شتێك دەسەڵات بیڵێت خەڵك بە گومانە لێی و بە زەحمەت بڕوای پێدەکات.

### پاڵەوان

جاران پاڵەوان دەبوایە بازویەکی پتەوو لاشەیەکی بەهێزو کێشێکی زۆری هەبوایەو دەبوو خواردنی باشی خواردبا، ئێستا گرنگ نییە پاڵەوان چەند کشێییەتی و باڵ و بازووی چەند لاوازەو خواردن دەخوات یان نایخوات؟ گرنگ ئەوەیە پاڵەوان بێ لە حەپەلوشکردنی سامانی ولاتدا.

جاران پاڵەوان لە مەیدانی زۆرانبازیدا ڕووبەڕی پاڵەوانێكی وەك خۆ دەبۆوەو بە زەبری مستەكۆڵە زاڵ دەبوو بەسەریدا، پاڵەوانی ئێستا ڕووبەڕووی میللەتە لاوازەكەی دەبێتەوە، لەبری مستەكۆڵە دەزگای ئەمنی و پۆلیس و ژووری فەلاقەو هەڵواسینی هەیە.
جاران پاڵەوان لە كۆڕی پیاواندا دەستی بۆ بەسینەوە دەگیرا بۆ ئەو قارەمانێتییەی نواندوویەتی، ئێستا پاڵەوان خێسەی لێدەكرێو بۆ ئەو نامەردایەتییەی بەرامبەر بە گەلەكەی كردوویەتی.
جاران پاڵەوان تەنیا بەهێزی خۆی و دەست و مەچەكی خۆیەوە دەنازیو ڕووبەڕوو دەبۆوە ئێستا پاڵەوان بە دەرزەنە حیمایەو دەفتەرە دۆلارو ریزە دوكان دەنازێ.
جاران پاڵەوان ئەگەر ئەسپێكی هەبووبا تا پێی بگەڕێ، ئێستا پاڵەوان كەژاوەی مونیكاكانی ئەوسەری دیارنییەو هەیانە حەزی لەباڵەفڕی خۆیەتی.
جاران پاڵەوان ناهەقییەكی بەرامبەربە خەڵكی لاواز بدیبا دەچووە مەیدانی جەنگەوە، ئێستا پاڵەوان پێی وایە لاواز هەر بۆ شەق تێهەڵدان باشەو شەرعی مار بە دار.
جاران پاڵەوان بە كەسێ دوترا لە سەنگەری گەلەكەی بەرگری دەكردو گوێی بە سەروەت و سامان نەدەدا، ئێستا پاڵەوان با لەسەنگەری دژی كەلەكەشی بێت گرنگ ئەوەیە هەیبێو خانەدان بێت.
جاران پاڵەوان لە خانوویەكی ئاسایی وەك خەڵكانی تر دەژیا، ئێستا پاڵەوان لە كۆشك و تەلاردا دەژی و ژیانیشی لەسەر بورجی عاجە.
جاران پاڵەوان بەردەوام نەبەردییەكانی دەبردەوەو خەڵكی شاگەشكەی سەركەوتنەكانی دەكرد، پاڵەوانی ئێستا هیچ نەبەردییەكی نییە جگە لەخۆی بۆ كەسێكی تر جێی شانازی بێت،
پاڵەوانی ئەوسا كەسێكی ئاسایی یان پێشمەرگەیەك بوو بەڵام پاڵەوانی ئێستا دەستەیەك بەرپرسن كە تەنیا ڕێی پارە پەیدا كردن دەزانن!.

## كەی ڕووی عەلی باباكان ڕەش دەبێت؟

منداڵێكی زنجی قوولەڕەش لە دایكی خۆی پرسی: دایە گیان بۆچی ئێمە ڕەشین؟
دایكەكە لە وەڵامدا تی: لەبەر پرسەی ڕەنگ سپییەكان!
منداڵەكە ئەمجارە پرسی: دایەگیان كەی ئەم پرسەیە دوایی دێت؟
دایكە زنجییەكە وتی: كاتێ ئێمە لەسەربەرزیدا ڕوومان سپی دەبێو ئەوانیش لەشەرمەزاریا ڕوویان ڕەش دەبێ ئەگەر ئێمەش بپرسین كەنگێ عەلی باباكانی كوردستان لە شەرمەزاریدا ڕوویان ڕەش دەبێ؟
تەنیا وەڵامی دایكە زنجییەكە لەلایە تا لە شانازیدا نێو چەوانی ڕەشمان سپی دەبێتەوەو ئەوانیش لە شەرمەزاریدا ڕوویان ڕەشێكی قەترانی دادەگیرسێت.
عەلی باباكان دەست ناپارێزن لەهیچ شتێ، هەرچی دەستیان بیگاتێ بۆیان دەست بدات دەیخننە ئەشكەوتی تاریكی حەشارگەكانیانەوە، عەلی باباكانی ئێرە نەلە نەووت تێر دەخۆن نەك لە سامانی كانزا نەلە خاڵەكانی گومرگ نە لە پارەی ئەملاولا و نە لە هاوكاریی مرۆییو وڵاتانی دنیا نە لە پارەی بڕیارەكانی U. N نە لە داهاتی كارگەو كۆمپانیاكانیان، نەلە سەرانەو باجی زۆری سەر خەڵك، نەلەمەعاشی زۆرو زەوەند، نە لە بودجەی خەیاڵی تەرخانكراو بۆیان، نە لە پوڵی سەوداو سازشكارەكانیان، عەلی باباكان وەعدیان داوە دەست لەم كارەهەڵنەگرن، عەلی باباكان دەستیان لە قوڕ قوڕاگەی خەڵكدایە یان دەبێ خەڵك دەستیان بگرێت یان دەبێ لێگەڕێت تا دەیخنكێنێت.
عەلی باباكان بەردەوامن لە كارەكەیان تا ئەو ڕۆژەی قسەی دایكە زنجییەكە دێتە دی بەڵام زۆر درەنگ ئەو ڕۆژە دێ كە تەنیا پەیكەرە كوێەندامان ماوە، هەمو بەو هیوایەین قسەی دایكە زنجییەكە لەگەڵ هاتنی خۆری سپێدەی سبەینێ بەیانیدا بێتەدی.